

ڕۆمانی فڕینی پردەکان، یان فڕینی وشەکان

یووسف ئیسماعیل

کاری ڕۆمان تەنیا گێڕانەوەی چیرۆک و خستنەڕووی ڕووداو و سەربردەکان نییە، بەڵکوو ئەرکی سەرەکی شێوەی گێڕانەوە و گەمەکردنە بە وشە و زمان و کاری داهێنانە لە ئەدەبدا. حەمەسەعید حەسەن دەڵێت: (تەکنیکی نوێ لە نووسیندا ئەوەیە، زەوییەک بکێڵین، پێشتر نەکێڵرابێت، یان بە دەربڕینێکی دیکە، بەیار بکەین بە کێڵگە). دەتوانم ئەمە لە ڕۆمانی فڕینی پردەکانی نووسەر و ڕۆماننووس دڵشاد کاوانی ببینم کە لە دووتوێی (٣٤٥) لاپەڕەدا جیهانێکی جیاوازی هاوشێوەی جیهانێکی خەیاڵیی لەسەر زەوی دروست کردووە، کە پێشتر هیچ ڕۆماننووسێک ئەمەی نەکردووە، ئەمەش توانایی و لێهاتوویی ڕۆماننووس دەردەخات کە ڕۆمانەکە لە گێڕانەوەیەکی دەروونی ئاڵۆزی پاقڵەفرۆشێکی ژێر پردی شۆڕش ڕوودەدات، کە تووشی دوو جۆر نەخۆشی دەروونی (جنون العظمة وانفصال الشخصية) بووە. دوای ئەوە چەند دەقێک و کتێبێک دەخوێنێتەوە، ئیتر ئەم چەمکە تازانەی دێنە دڵ و دەروون و بیر و بڕوای ڕۆمانێکی دەگمەن و بێ وێنە دەخوڵقێت (٣٤٤)، دڵشاد کاوانی ڕۆمانەکەی پڕە لە وەسف و دیالۆگ، گەمە بە شوێن دەکات و کات نادیارە. نهێنییەکی سەر شێتە کە خوێنەر وێڵە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەی لە مێشکیدا گوزەر دەکەن.

کاتێک نووسەر بڕیاری نووسینی ڕۆمان دەدات، ئەوە پێویستی بە کەرستەی ڕۆمان هەیە (خەیاڵ، دیالۆگ، وێنەی شیعری، وەسف، ...تاد). ڕۆمان گرنگ نییە درێژ بێت، گرنگ ئەوەیە هەڵگری پەیامێک بێت و ئامانجەکەی خۆی بپێکێت. ڕۆمانی کوردی پڕپەتی لە درێژدادڕی تا ڕووداوێک ڕوودەدات، چەند لاپەڕە هەر وەسف و پێدا هەڵدانە. لێرەدا نووسەر ڕێگری لە درێژدادڕی کردووە، ناتوانی بەسەر هیچ ڕستەیەکدا پاز بدەی بێ ئەوە ئاگاداری ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە بیت، بەڵام لە ڕووی فکرییەوە نووسەر زۆر بە چڕی کاری کردووە کە ناتوانی بە جارێک لێی حاڵی بی. وشەگەلێکی

سەیری بە کارهێناوە چ لە ناوی کارەکتەرەکان کە بریتین لە (سوبحلئەزەل، ئاپۆ، جیقۆ ڕشکنی مەمک قرتاو، بەهادوور ...تاد)، تا دەگاتە ناوی شوێن و کار، تەنانەت بنەما ئایینییەکانیش.

کاوانی ڕۆمانەکەی بەدەر نییە لە گوتەی ئایینی و بەکارهێنانی چەند ڕستەیەکی کتێبە پیرۆزەکان وەکوو (ئینجیل و تەوراة... تاد)، لە ڕۆمانەکەدا نووسەر ئایینێکی نوێ دروست دەکات بە ناوی (ئایینی ئەهلی حەق) و کتێبی: بەناوی (قینات) کە تا ئێستا هیچ ڕۆمانێکم نەخوێندووەتەوە کە نووسەر ئایینێکی نوێ لە نووسینەکانی خۆیدا دروست بکات.

کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە یەک پاڵەوان نییە، بەڵکوو کەسانی تریش هەن کە لەسەرەتاوە تا کۆتایی کارەکتەری سەرەکین لە ڕۆمانەکەدا، ڕووداوەکانی گەلێک سەیروسەمەرەن. نووسەر لە هەندێک ڕووداودا بە دەستی ئەنقەست خوێنەر دەخاتە سەر ڕێی هەڵە و کارەکان سەراو ژێر دەکات.

نموونە لە لاپەڕە (١٩٤)دا باسی کەسێک دەکات لە چایخانەیەکی شاردا خەریکی خواردنەوەی شەڕابە!؟ لێرەدا خوێنەر دەبێت زۆر وریا بێت و بزانێت کە چۆن لە ئەدەبی نامەعقوول تێ دەگات. لەم هەرێمەدا هەموو کەسێک مژوولی شەڕابە، لە بڕی ئاو و چا، شەڕاب دەخورێتەوە. ڕەنگە هەندێک کەس وا حاڵی بێت نووسەر چایخانە بە یانەی شەوان و بار تێگەیشتووە، نەخێر، بەڵکوو لەلای کاوانی مرۆڤ هەر خۆی سەرخۆشە و نائاگاییە، پێچەوانەیە مرۆڤی ناو ڕۆمانەکە بە خواردنەوەی شەڕاب هۆشیان دێتەوە، ئەمەی پێچەوانەی ڕاستەقینە کردووەتەوە.

ڕۆماننووس ڕێک باسی تاقیگەکەی فرۆید دەکات. نەک چایخانەیەکی ئاسایی کە چۆن فرۆید بۆ جووڵاندنی نەست، پەنای بۆ کۆکاین دەبرد، بەهەمان چەشن سیلۆنی پیر ڕابەری ئەم هەرێمە خودی کارەکتەری فرۆیدە. کاوانی خۆی و خوێنەری خستووەتە گەمەیەکی سەیر کە ناتوانم ناوێکی بۆ دیاری بکەم، ئایین تێکەڵی سیاسەت بووە، خوێندەوارێک شوێنی خۆی لەگەڵ نەخوێندەوارێک گۆڕیوەتەوە، داهێنانی زمانی نوێ لەگەڵ زمانی کوردی تێک هەڵکێشراون ((سپرانتۆ))، هەندێک مەبەست کە خوێنەر هەندێک تێیدا قەڵسە.

ڕۆمان دەبێ چێژ ببەخشێ، کاتێک گۆڕانکارییەک ڕوودەدات، دەبێ دەمارەکانی مێشکی یاری بکەن و تەواوی چاو، مێشک، فکریان لای ڕۆمانەکە بێت. من لە چەندان دیالۆگ و هاتنی کارەکتەری نوێ دەوەستام و نەمدەتوانی قبووڵی بکەم؟ ئەو کارەکتەرە چۆن هاتە ناو کایەی ڕۆمانەکەوە؟ چی لە بارەیەوە هەیە؟، بۆیە کاوانی لە هەندێک دیالۆگ و کارەکتەری نوێ، خوێنەری فەرامۆش کردووە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر لە ڕۆمانەکە بێزار بێت و لێی سارد ببێتەوە.

کۆتایی هاتنی ئایین و کتێبی قینات. نووسەر زۆر بێباکانە کۆتایی پێدێنێ و یاری بە هەستی خوێنەر دەکات و ساردییەک کە گەرمی جەهەننەمی ڕۆمانەکە دروستی کردووە، دەپووکێنێتەوە، پەشیمانی و کابووسێکی تاریک و تەماوی لە مێشکی هەر خوێنەرێک جێ دەهێڵێت. هەرگیز ناتوانی وێنەکانی ناو کابووسەکە لە مێشکت دەر بێنی و بیری لێ نەکەیتەوە، دووبارە وەک منداڵێکی بەدبەخت کە نازانێ باوکی ڕاستەقینەی کێیە؟ دایکیشی لەبەر چێژ وەرگرتن ئەویش بیری چووە کە منداڵەکەی کوڕی کێیە! ئەم ڕۆمانە تابڵێیت ڕۆمانێکی دەوڵەمەند و فرە ڕووداو و فرە ڕەهەندە، لە هەر لایەکەوە بۆی بچیت، شتی تازە و نوێت بەرچاو دەکەوێت، هەر بۆیە من تەنیا لەچەند سەرەداوێکەوە بۆ شیکردنەوەی ڕۆمانی (فرینی پردەکان) چووم. ئەمە بۆچوونی منە و ڕەنگە خوێنەر و توێژەرانی دیکە چەند لایەک و دیوی دیکەی ڕۆمانەکە ببینن، من خەیاڵم بۆی نەچووبێت.

سەرچاوە: فرینی پردەکان، ڕۆمان، دڵشاد کاوانی، چاپخانەی پاندا، دامەزراوەی ڤیم، ٢٠٢٣.